## بەشی یەکەم

# بیریاریکردن بەسەر هێزی دۆزەخەوە
# بەرگفتووگۆخستنی بیری ژان بۆدریار لە کتێبی" "پاوەر ئینفێرنۆ" " *

**ئازاد حەمە**

**پێشەکی:**

تیرۆریزم واتە هێزی دۆزەخ. ئەمەش پووختەی تێگەیشتنی فەلسەفی بیریاری فەڕەنسی بۆدریارە لە کتێبی دووەمی(**پاوەر ئینفێرنۆ- واتە هێزی دۆزەخ**) سەبارەت بە ڕووداوی هێرشە تیرۆریستیەکەی 11ی 9. ئەم ڕووداوە زۆر کەم تاکاتی نووسینی ئەم کتێبە (سالی 2002 )بیریاری بەسەرەوەکراوە یان بەلایەنی کەمەوە تا کاتی نووسینی ئەو دوو کتێبەی بۆدریار(ڕۆحی تیرۆریزم, پاوەر ئێنفێرنۆ) گفتووگۆی فەلسەفی بەربلاو و قوول, لەشێوەی کتێب و نامیلکە , بەدەگمەن لە بارەی ئەو ڕووداوە بەچاپگەێندراوە و لەوەدواتریش لەم ولات و لەو ولاتی ڕۆژئاوا هەر تاك و تەرا نووسینی فەلسەفی دەگمەن لەوبارەیەوە نووسراوە. لەو کارانەش کە لەم بارەیەوە نێوبانگێ نێودەولەتی هەیە,کە بەخۆی کارێ زۆر فەلسەفیە و شوێنێ تایبەتی لە دێاتە فەلسەفیەکان هەیە, کارەکەی ژنە فەیلەسوفی ئیتالی ***گیوڤانە بۆرادۆری*** یە بەنێوی" ***"فەلسەفە لە زەمەنی تیرۆردا: دیالۆگ لەتەك یۆرگین هابرماز و ژاك دێریدا"*** " . ئەم خانمە کە پرۆفیسۆرە لە فەلسەفە لە کۆلێژی ڤاسار بەهۆی ئەم کارە فەلسەفیەیەوە نێوبانگێ نێودەولەتی دەرکرد. ڕەنگە بەنێودەولەتی بوونی ئەو کارەش هەر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دوو بیریاری گەورەی ڕۆژئاوا,واتە دێریدا و هابرماز, قسەلەسەر ڕووداوێ گلوبال( واتە پەلامارە تیرۆریستیەکەی 11 ی 9 ی 2001) و دیاردەێ سەرسامکەری (واتە تیرۆریزم) دەکەن. ئەگەرنا کارە فەلسەفیەکانی تری بارادۆری بۆ ئەوەندە زمان پێیئاشنانەبوو و هەروەها ئەوەندە گفتووگۆشی لەبارەوەنەکراوە. مەبەستێ ئێمە هەرگیز ئەوە نییە کە بمانەوێ بلێین کارەکانی تری ژنە فەیلەسوفی ئیتالی **گیوڤانە بارادۆری** بێبایەخ و کەمتر فەلسەفین نەخێر. بەلکو مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە دونیای نووسین بەجۆرێ دابەشکراوە کە خوێنەران خۆیان لەگەل نووسینی هەنووکە و کاتیدا کۆککردووە. ئێمە کە لە ڕێکەوتێ دیدا دێینەوە سەر ئەم کتێبە بەپێویستی دەزانین لەم پێشەکیە کورتە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوی لێرەدا بەردەستی خوێنەری دەخەین بەشێکە لەو نووسینەی سەبارەت بە بیری فەیلەسوفێ پۆست مۆدێرنی وەك بۆدریار تایبەت بە ڕووداوێ وەك تیرۆریزم کارمانلەسەر کردووە. هەروەك دیاریشە کارکردنەکەی بۆدریار فەلسەفیانەیە یان ڕوونتر و ڕاستەوخۆتر بدوێم دەلێم بۆدریار لەو دوو کتێبەی کە لەسەرەوە ناویان هات, کە بەشێکن لە ئەندێشەی فەلسەفەی سیاسیانەی بۆدریار, بیریاریکردنێ سیاسیانەی گەورەی تیابەدیدەکرێ کە ڕەنگە لەکارەکانی تریدا مەگەر لە دوو کتێبی تریدا ئەمەی کردبێ کە ئەوانەش یەکێکیان کتێبی " "**ئەمەریکا**" " یە , کە لە سالی 1986 نووسیویەتی, هەر بەناوەکەشیدا دیارە باس لە ئەمەریکا دەکا و ئەویدیش کتێبی " " **ئەو جەنگەی شوێنی بەخۆی نەگرت**" "ە, کە لەسالی 1991 نووسیویەتی, لەبارەی جەنگی دووەمی کەنداوە کە لەنێوان عێراق ئەمەریکا ڕوویدا لەسەر کێشەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراقەوە.

مادامەکیش ئەندێشەی فەلسەفەی سیاسیانەی بۆدریار لەم دوایەدا زۆر لە خۆڕسکان و نەشونمادایە ئێمەش بەپێویستمان زانیووە هەر لەو ڕوەوە ڕوناکبیری بەسەرکارەکەیەوە بکەین گەر بشێ ئەوی ئێمە دەیکەین ناونرێ ڕوناکبیریکردن.

## ئامانج و بوونیادی تیۆری بەرگفتووگۆخستنەکە

لەباسی پێشوومان‌دا(**جەنگی پۆست مۆدێرن**- گفتووگۆ لەبارەی بیری ژان بۆدریار لە کتێبی " ***"ڕۆحی تیرۆریزم" "***)** * وتمان تیرۆریزم پەرچەکرداریەکە دژ بە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوا بەلام لێرەدا باس لەوەدەکەین کە زەبرووزەنگ وەك هێزێ دۆزەخی دەبێ بە پەرچەکرداریی دژ بەویتری ڕۆژئاوایی. لەڕاستیدا ئەم دوو پەرچەکردارییە هەمانشتن. چونکە هەر ئەویتری ڕۆژئاوایە ئەو شێوازەی لە ژیان بەرهەمهێناوە. هەردوو پەرچەکرداریەکەش نیشانەن لەسەر ئەو تەوژمەی کە ناوی جیهانگیری بەخۆوە گرتوە کە زۆرجار لەژێر ناویتریش دەردەکەون, لەوانە: هێزی ئابووری و کولتووری جیهانی, شارستانی نوێی ڕۆژئاوا و سێستەمی تازە و ....هتد . بۆیە بێمانایی ناکەین بلێین: کاتێ گوێمان لە پەیڤی تیرۆر یان زەبرووزەنگ دەبێ خەیالمان بۆ بوونی بەرامبەرێ یان ئەویترێ دەچێ. چونکە لەکۆتایدا تیرۆر دەرهەق بە ئەویترێ دەکرێ کە وەك دوژمن و بەرامبەرێ هەلە و لاێ خراپ تەماشادەکرێ. واتە تیرۆر و زەبرووزەنگ بەدووی ئەویترێ دا دەگەڕێ تا بتوانێ بژی. ئەم (واتە

زەبرووزەنگ) بێ ئەویتر( لێرەدا ئەویتر بەواتای شارستانی ڕۆژئاوا دێ) بوونی نییە یان بەلایەنی کەمەوە ناتوانێ هەبێ و بەردەوامی بە کارەکانیبا. بۆیە زەبروزەنگ هەمیشە لە خولقانی ئەویترێکدا(غەیرەێکدا) وێلە.

بۆ گەلێ کەس تائێستا ئەوە پرسیارێ گەورەیە کە ئەم ئەویترەی تیرۆریزم دوژمنایەتی دەکا کێیە؟ بێڕاڕای دەلێین ئەو ئەویترەی تیرۆریزم دوژمنایەتیدەکا ڕۆژئاوایە و , ئەو شتەش کە بووە بە شوێنی مەبەستی گشت ئەو کارە زەبرووزەنگاوی و تیرۆریستیانەی ئەنجامدەدرێن ڕۆژئاوایە یان ڕۆژئاوا تاکە ئامانجێکە لەگشت ئەو کردارە تیرۆریانەی دێنەبەرهەم. بەلام گرینگە بزانین ئەم ڕۆژئاوایە چ ڕۆژئاوایەکە؟ بەدلنیاییەوە دەلێین ئەم ڕۆژئاوایە ئەو ڕۆژئاوایەیە کە ڕژێمەکانی تەگەرە لەبەردەم گەشەی ئەو گرووپ و بزاڤە زەبرووزەنگاویانەدا دادەنێن کە ئامانج و ویستی سیاسی و حاکمداری خۆیانیان هەیە. لەبڕی ئەو هەلوێستەشیان ڕۆژئاوایەکان لەهەرکوێین دووچاری تیرۆر و زەبر دەبنەوە. ئەمان(واتە تیرۆریست و زەبرخوازەکان) کە دەیانەوێ چەند شوێن و جێگایەك لە جیهانا بکەن بە بنکە و دالدەی خۆیان بەرەنگاری گشت ئەو هێز و ڕژێمانە دەبنەوە کە ڕێگا بەوەنادان یان ناهێلن ئەم کارە سەرگرێ. لێرەدا مەبەستمان لەو کارە ئەوەیە کە ڕۆژئاوا هەولیئەوەدەدا تیرۆریستەکان نەبن بە بەشێ لە هێزی گلوبالی جیهانی , یان ڕوونتر بدۆین ڕۆژئاوا نایەلێ تیرۆریزم ببێ بە دژە بلۆکی جیهانگیری و بە حاکمداری بەشێ لە ویستی سیاسی سەرزەویش. ئەو بەرنگاربوونەوەیەش کە لە نهێنیدا دەژیا بۆیەکەمجار لە 11 ی 9 ی 2001 دا ئاشکرابوو , ئەمەش پاشئەوەی زەبرخوازەکان هێمای ئابووری سێستەمی ئابووری ڕۆژئاوایان لە زێدی خۆی داتەپاند. ئەمەش کاردانەوەی خۆی هەبوو بۆنموونە ئەو هێرشە تاکلاییەی تیرۆریستەکان یان هێزی دۆزەخ وایکرد ڕۆژئاوا وەك یەك ڕژێم و یەك حاکمداری سیاسی و ئابووری هەموو پێکەوە بکەونە قەلاچۆکردنی بنکە و دالدەی سیاسی ئەو تاقمە کە ئەوەش ئەفغانستان بوو. لێرەوە زەبرووزەنگ بەنێودەولەتی بوو هەروەها پەتائاسا بەگشت شوێنێ بلاوبوەوە. لێرەدا مەبەست لە دەربڕینی بەگشت شوێنێ ئەو شوێنانەیە کە پشتگیری لە حاکمداری ڕۆژئاوایی دەکەن و یان بەشێکن لەو سێستەمەی بەشداری لەدروستکردنی تەوژمی ئابوری و سیاسی جیهانگیریدەکا. تیرۆریستەکان یان زەبرخوازەکان لەگەل هێنانە خوارەوەی دوو تاوەرەکە دوژمنی دەرەجە یەکیخۆیان دەستنیشانکرد. ئەویشی کە هێرشی کرایەسەر کە ئەمەریکا بوو خۆی خستە ناو پەیمانێ کە هەرهەموو دواتر کۆکبوون لەسەر پەلاماردانی ئەندازیارانی ئەوەی نەخشەی ئەو هێرشە تیرۆریستیەی داڕێژابوو کە بیرۆکەکەی لە ولاتێ وەك ئەفغانستان چاویەدونیاهەلهێنا. ئەو هاوکۆکبوونەش دژ بە هێزی دۆزەخ بوو بە بیانوویەك بەدەست تیرۆریستانەوە کە خۆیان لەتەك گشت ئەو هێزانەدا بگۆڕنەوە کە خۆیان لەدەوری ئەو دوژمنە سەرەکیەدا کۆکردۆتەوە کە تیرۆریستەکان کەسایەتی سیاسیان لەناو مالی خۆیدا لەکەدارکرد. هۆی ئەوەش کە ئەندازیارانی هێرشە تیرۆریستیەکەی 11 ی 9 بیریان لەوەکردەوە کە پەلاماری گشت ئەو هێزانە بدەن کە خۆیان لەتەك شاهێزی دونیاکۆککردۆتەوە ئەوەیە کە تیرۆریستەکان هەر زوو خالی هاوبەشیان لەنێوان دوژمنە سەرەکیەکە و پەراوێزەکانیدا دۆزیوە و بۆیە کەوتنە لێدانی ڕیشالی ئەو هاوکۆکبوونە لەهەر شوێنێ سەریدەرهێنابێ. بۆیە تیرۆریستەکان دەمودەست خۆیان لەو ولات و ناوچە و جێگایانەدا دیوەوە کە ڕەفتارەکانیان لە خزمەتی سیاسەت و ئابووری ئەم دوژمنە گەورەیەدا دەبێ. ئەمان نایانەوێ شەڕێ سەرتاسەری لەتەك سێستەم بکەن بەلکو لەو شوێنانەوە دەستپێدەکەن کە پشتگیری لە کاری سیاسی و ئابووری سێستەمدەکەن یان لەتەك سێستەمدا لە پەیماندان. بۆنموونە لێدانی سێستەم لە ئیتالیا یان ئەو شوێنانەی ئیتالیای لێئامادەیە نەك لێدانی فینلەند یان سوید کە هەقی سیستەمی نییە یان بەئاشکرا بەشێ نییە لە پلان و بیرکردنەوە نهێناویەکانی سیستەمدا. ڕاستە چ فینلەند و چش سوید لە بازاڕی جیهانیدا کاریگەرن و گەر لە ڕیزی ئەو ولاتانەشدا نەبن کە تەوژمی جیهانگیری تیا بەهێزە لەپشتیانەوە نین جا بۆنموونە سوید کە پێنجەم نێوەندی کۆمپیوتەری جیهانە یان بەهۆی ئەو کارگە گلوبالینەوەی , وەك ئیریکسۆن و ساب و ڤولڤۆ , کە هەیەتی زۆرترین بەشداری لەچالاکیە ئابووریە گلوبالیەکانا دەکا کەچی نەبووە بە شوێنی سەرنجی تیرۆریستەکان. هۆیەکەشی ڕنگە هەر ئەوەبێ کە ئەم ولاتە ڕاستەخۆ پشتگیری لە هێزی گلۆبالی سیاسی ناکا کە بنکەکەی وا لە واشنتۆن و , دواتر خۆشی ناخاتە ناو یارییە سیاسییە بەرچاویەکانەوە کە ڕقی تیرۆریستەکان هەلسێنێ. مەبەستم ئەوە نییە سیاسەت لە سوید فریشتەئامێزە بەلکو پتر مەبەستم ئەوەیە کە سیاسەت چەند پڕاگماتی یە ئەوەندەش پۆزەتڤیستی و ڕاسیۆنالیە. هەرچی ولاتێ وەك فینلەنداشە کە ولاتێ بچووکە و لەچاو ئەمەریکا دەلێی دوورگەیە بەلام بەپێی ئابووریەکەی کێشێ سیاسی خۆی هەیە و کەمتازۆر کاریگەری خۆی لە دروستکردنی گەلێ لە پرۆسەکانی ئاشتی لە هەندێ شوێن لە ولاتانی جیهانی سێدا هەیە. ئەلبەتە بەهۆی نۆکیاشەوە لە بازاڕی تەکنیکی نوێدا کەوتۆتەناو پێشبڕکێیێ گەورەوە بەلام نەبوونی ئەم ولاتە بە ئامانجی تیرۆریستان بەزۆری بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەو دەستەبژێرەی لەو ولاتەدا سیاسەتدەکەن ڕەفتاری سیاسی خۆیان نە بە وتاری سیاسی توندڕەوی هەندێ لە ولاتانی ڕۆژئاواوە دەچوێنن و نەش لەگەمە سیاسیەکانی ئەمەریکادا بەشدارن. مەبەستم بەجۆرێ دی, نە ڕاستەوخۆ حکومەتەکانی ئەم ولاتانە پشتگیری لە سیاسەتی ئەو ڕژێمانە دەکەن کە دوژمنی سەرسەختی تیرۆریستەکانن و نەش کارێ سیاسی ئەوتۆ دەکەن تیرۆریستەکان بەهەندێ دیاردە بوروژێنن. یان بەواتاێ تر ئەم جۆرە حکومەتانە لەبەر بەرژەوەندی سیاسی و ئاسایشی ئابووری نەتەوەی خۆیان

خۆیان لەو پەیمانە دەدزنەوە کە گەلێ لە حکومەتەکانی لە بەرژەوەندیەکدا دژ بە تیرۆریست و زەبرخوازەکان پێکەوەگرێداوە. بەلام ئەوی ئەمان دەیکەن زۆر لەوە هێزدارتر و هێمایترە کە هەندێ لەهاو پەیمانانی بۆنموونە بەرەی دژە تیرۆر دەیکەن. هیچ دوو ناڕۆین لەم چەند سالەی دوایدا چەند کۆنفڕانسێ نێودەولەتی لە ستۆکۆلم لەسەر گینۆساید گیرا کە تەنیا ئەو حکومەتانەی تیائامادەبوو کە گینۆسایدیان ئەنجامدابوو. ئەمان, واتە سویدیەکان, نەهاتن هەردوو تەرەف بەرامبەر بەیەکدانێن و باسێ دووقۆلی لەسەر گینۆساید بهێننە پێشەوە. نەخێر هەرگیز ئەمەیان نەکرد و ناشیکەن .
بۆ پووختکردنەوەی ئەوەی لەسەرەوە ووتمان دەمانەوێ ئەوەشبلێین , سیاسەتکردن لەم ولاتە بچووکانە نە کەمتر سیاسیانەیە لە ولاتانی گەورە و  نەش کەمتر لێوانلێوە لە پڕگماتیزمی سیاسی و ئابووری کە لە ڕەچەلەکدا ئەو پڕاگماتیزمە بوونیادێ میتافیزیکی هەیە کە وتاری سیاسی ڕۆژئاوا هیچ نەبێ بیست سەدەیە کاریلەسەردەکا. بەلام هەموو ئەوانە مانای ئەوە نییە کە سیاسەتکردن لەم جۆرە ولاتانەدا بێ تۆلێرانسی سیاسی دەژی. نەخێر.
پاش ئەو ڕاوەستانە کورتە لەسەر ئەوەی تیرۆریستەکان پەلاماری گشت لاێ نادەن دەمانەوێ بپرسین باشە بەخۆی تیرۆریزم کێیە و بۆ ئەمە دەکا؟ ئێمە وایبۆدەچین تیرۆریزم ئەو دەمەیە کە هەر دەبایە سەرهەلدا. ئەو ساتەیە کە کە هاتنەدونیایێ سروشتی لەپشتیەوەیە نەك زۆل. تیرۆریزم گەر نەبایە چۆن دەکرا ئەو هەموو دژ و پاڕادۆکس و دوالیزمانە بەرچاوکەون. بەکورتی ڕابردوومان بەرپرسیارە بەرامبەر بە لەدایکبوونی تیرۆریزم و شارستانی ڕۆژئاوا کە وابۆ بیست سەدەیە نوێنەرایەتی مرۆڤایەفی دەکا گەورەترین بەرپرسیاری سەبارەت بە سەوزبونی ئەم نەمامە ژەهراوییە دەکەوێتە ئەستۆ.
ئەوەندەی ئێمە لە ڕووداوی زەبروزەنگی نوێ گەیشتووبێتین ئەوەیە کە, لە ساتەوەختی زەبروزەنگاوی ئەمئێستاماندا لەکەم شوێن لەم جیهانە ڕۆژانە باس ناهێنرێتە سەر زەبروزەنگ. زەبروزەنگ کە بووە بە شێوازێ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەویتر پەتائاسا لەگشت شوێنێ بلاوە. ئەم پەتایە بۆئەوەی بەردەوام بێ یان هەبوونی کاریگەر بێ دەبێ بەردەوامبێ لە کاری ڕەتکردنەوەکەیدا. ئەمەشە تراژیدیاکە کە گەلێ لە مێدیاکانی ڕۆژئاوا بەئاشکرا نە باسیلێوەدەکەن و نەش ئەو بەرامبەرگەراییە بەرپەیڤیندەخەن کە لەناخی زەبروزەنگی گلوبالی ئەمڕۆدا پەنهانە.
لەم ڕەوەشەوە گرینگە لەوە ئاگاداربین کە زەبروزەنگ پێشتر, پێش ڕووداوەکانی 11 ی 9 , هەبووە و ئامانجیش لە بوونی هەمیشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەویترێ بووە کە وڕێنە نەبووە بەلکو لە کەسان یان گرووپ و تەنانەت ڕژێمێ دیاریکراویش پێکهاتووە بەلام لەگەل ڕووداوەکانی 11 ی 9 زەبروزەنگ بوو بە ئامرازێ بۆ ڕەتکردنەوەی زۆرینەیەك کە ئەویترێ پێکدێ کە خۆی لە خۆیدا بەرچاویترین ئەویتری مرۆڤایەتی پێکدێنن کە ئەوەش زۆر سانایانە بە ڕۆژئاوا ناویدەبەین.
ئەوی لەسەروەش و بەوشێوەی بەرباسخرا وامانلێدەکا دەرگا ىخەینە سەرپشت بۆ قسەکردن لەسەر تەوژمێ کە پێیدەووترێ تەوژمی زەبروزەنگ کە لەگەل هاتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکە لەدایکبوو. بۆئەوەی چوارچێوەی باسەکەشمان سنووردارکەین دەمانەوێ ڕووی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەکانمان ئاڕاستەی کتێبی دووەمی بیریاری فەڕەنسی ژان بۆدریار بکەین کە کتێبی " "**پاوەر ئینفێرنۆ**" " یە.

## ڕۆشنایی و ڕەوتی توێژینەوەکەمان

پاش بلاوبوونەوەی سەروتاری " " *ڕۆحی تیرۆریزم*" " (1) لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی لە 2 ی نۆڤەمبەری 2001 دا و دواتر بوونی ئەم سەرووتارەش بە پڕۆژەی کتێبێ لەژێر هەمان ناونیشان دێیاتێ زۆر لەسەر ئەو لایەنانە هاتەپێشەوە کە بۆدریار لەو کتێبەدا ووروژاندوونی. بەلام پاش ئەم کتێبە بۆدریار دەستی بەنووسینی چەند سەروتارێ تر کرد بەلام نەك هەر سەبارەت بە دیاردەی تیرۆریزم بەلکو لەهەمانکاتدا قسەیهێنایە پێشێ لەسەر چەندین دیاردەی سەیری تریش لەوانە: جیهانگیری ,زەبروزەنگ و سێستەمی سیاسی جیهانی. ئەو سەروتارانەش ,کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین, بوون بە کتێبێ بەناوی" "**پاوەر ئینفێرنۆ**" "**(واتە هێزی دۆزەخ)** کە لەلایەن چاپخانەی گالیلیێوە لە 2002 دا وەك کتێبێ بەردەست خوێنەران کەوت و لەلایەن چەند کەسێکیشەوە کران بە ئینگلیزی. کتێبەکە لە زۆربەی زمانەکانا(ئینگلیزی,فەڕەنسی, سویدی, دانمارکی و هتد) بەهەمان ناونیشانە لاتینیکە ناسراوە و بۆیە ئێمەش لەو چوارچێوەیە دەرناچین و ناوی کتێبەکە هەر بەوجۆرە بەکاردەبەین کە لەزمانەکانی تردا پێیناسراوە.
ئێمە لەمیانەی ئەم باسەدا کار بۆ خستنەڕوو و مشتوومڕکردن لەسەر تێگەیشتنەکانی بۆدریار لە کتێبی " "پاوەر ئینفێرنۆ- هێزی دۆزەخ" " دەکەین. ئەم کتێبە کە لە سێ سەروتار پێکدێ تەنیا دوانیان لەمیانەی گفتووگۆکەماندا بەکاردەبەین کە ئەوەش ئەم دوو سەروتارەن **یەکەم:** " " ***ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە***" " *** و **دووەمیش:** " " ***زەبروزەنگی گلوبال***" " . هەریەك لە سەرووتارەکانیش بەجۆرێ بەرگفتووگۆدەخرێ کە جگەلەوەی ڕوونکردنەوە و

پێداچوونەوەی بەردەوام بۆ تێگەیشتنەکانی بۆدریار ئەنجامدەدرێ شیکردنەوەی تایبەت و جیاش لەبارەی سەرجەم بیری ئەم بیریارە سەبارەت بە ڕووداوەکانی 11 ی 9 و خودی دیاردەی تیرۆر و زەبریش پێشچاودەخرێ.
بەپێی قسەی (کریس توونەر) وەرگێڕی سەروتاری ""ڕێگویم بۆ دوو تاوەرەکە""بێ ئەم سەروتارە لەلایەن بۆدریارەوە خراوەتە سەر ئەو دێیاتەی لەژێر ناوی"" پێکدادانی فەلسەفی لەودیو ئەتلەنتیەوە"" لەبارەی ڕووداوەکانی 11 ی 9 وە کراوە کە ئەو دێیاتەش لەلایەن زانکۆی نیویۆرك و کولتووری فەرەنسی لە گەڕەکی واشنتوون, مانهاتان, ڕێکخراوە. دێیاتەکە , کە بەشە گەورەکەی بە فەڕەنسی براوەتەڕێوە, لەلایەن ""تۆم بیشۆپ""ەوە سەرپەرشتیکراوە ئەلبەتە بە بەشداری کەسانێ تریش لەوانە: ژاك ڕانییێخ , چارلس لارمۆر و مارك لیلە.
لە ***سەروتاری یەکەم*** دا , واتە لە ""***ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە***""دا, بۆدریار هەولدەدا شیکردنەوەیێ مێژوویی و ئارکێتکتۆوری بۆ دوو تاوەرەکە ئەنجامبدا هەروەها تێگەیشتنێ لەبارەی وێرانبوونی مانای هێمایی ئەو دوو تاوەرەش لە زەینی خوێنەر بەرجەستەدەکا.
بۆئەوەی خۆمان لە شێوازی گێڕاوەنەوە و فۆڕمی ڕووخستنی سادەش دوورخەینەوە بەپێویستمان زانیووە بەبەر خستنەڕووی بیر و بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە ڕاڤەکردن و فسەیخۆشمان بەرچاوخەین. دواتر هاتووین باسێ تایبەتمان لەژێرناوی ""***لێدانی دوو تاوەرەکە واتە لێدانی جوانکاری ئارکێتکتووری مۆدێرن***"" نووسیوە کە بەو لایەن و بابەتانەوە تایبەتکردووە کە فەیلەسوفی ناوبراو لە سەروتاری ""ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە"" کاری لەسەرکردووە. ئەمەو بەپێویستمان زانیوە خودی ناونیشانی باسەکەی بۆدریار بکەین بە ناونیشانێ لاوەکی بۆ ئەو ناونیشانەی ئێمە لەژێرناوی""***پێکانی دلی سەرمایەداری گلوبال***"" ئامادەمانکردووە. چونکە پێمانوایە لێدانی ئەو دوو تاوەرە کە لەبنەڕەتدا ئامانجدار و نیشانەئامێزە بۆ تێکدانی ئەو دەسەلاتە سیاسی و ئابووریە جیهانیەیە کە سەرپەشتی گشت بزاوتنێ ئابووری و سیاسی دەکا.
هەرچی ***سەروتاری دووەمە*** ئەوا بۆدریار بە زەبرووزەنگەوە(توندوتیژیەوە) تایبەتیکردووە. بۆدریار لەو سەروتارەدا, واتە لە "" ***زەبرووزەنگی گلوبال***""دا, بەهەستێ سیاسیانە و بەپشتبەستن بە بۆچوونە فەلسەفییە پۆست مۆدێرنەکانیەوە زەبرووزەنگ گفتوگۆدەکا. لەهەمانکاتیشدا هاتووین ئەم سەرووتارەمان لە ئامێزی ئەو سەروتارەدا مشتوومڕکردووە کە ناوی ""***بلاوبوونەوەی پەتای زەبرووزەنگ***""لەخۆدەگرێ. دواتریش چووین تێکڕای سێرکردنەکانی خۆمان لەو بابەتەدا چڕ و کۆکرۆتەوە کە ناونیشانی""***درز لە تێگەیشتنەکان سەبارەت بە زەبرووزەنگ***"" لەخۆدەگرێ.
ئەوی بۆدریار لە سەرووتارەکانی ئەم کتێبەدا بەکراوەی ڕوومانیدەخا ئەوەیەکە زەبرووزەنگ لەپاش ڕووداوەکانی مانهاتانەوە زۆر بلاودەبێ و دەرفەتیش لەبەردەم تیرۆر زۆرتردەکا. ئەو شێوە قسەکردنەش بۆدریار لەبارەی زەبرووزەنگەوە دەیهێنێتە پێشەوە لەگەلێ ڕوەوە هەمان ئەو ڕەوانبێژیە فەلسەفییە هەیە کە بە تیرۆرەوە تایبەتکراوە. بۆدریار کە بەهۆی ئەم دوو کتێبەوە(**ڕۆحی تیرۆریزم, هێزی دۆزەخ**) تیرۆر و زەبرووزەنگ ڕاڤەدەکا دەرگاش لەبەردەم توێژینەوەێ فەلسەفی سیاسیانەدا دەکاتەوە کە بەباوەڕی ئێمە ڕاچلەکاندێکی خودی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئواشی بەدەمەوەیە.
ئێمە کە نیازمان وایە ئەم کارە بە ڕووداوەکانی 11 ی 9 لە چواچێوەێ فەلسەفیدا جێنشینکەین ئەوا بەپێویستی دەزانین لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە ئەندێشەی فەلسەفی ئەم بیریارە فەڕەنسیە ڕووخەین و شیاوێ لەبەردەم گشت ئەو بۆچوونە فکری و سیاسیانەشیدا بکەینەوە کە لەوبارەیەوە کاریلەسەرکردوون. بەتایبەت کارە فەلسەفیەکانی ئەم بیریارە لەسەر ئەو ڕووداوانە لە نێوەندی فەلسەفی ڕۆژئاوا لە کارە زۆر بەرچاوی و کاریگەریەکانن و ئەمەو جگەلەوەی زۆر فەلسەفیشن و لەێوەندی فەلسەفی ڕۆژئاواش شوێنی گفتووگۆن.
دوا سەرنجیشمان ئەوەیە کە گرینگە خوێنەری ئەم باسە لەوەبەئاگابێ ئەو باس و بابەتانەی لەدووتۆی نووسینەکەدا ورووژاندوومانن سنوردارن و تەنێ بە بیری ئەم بیریارە پۆست مۆدێرنە فەڕەنسیە و خودی دیاردەهایەکی وەك تیرۆر و زەبرووزەنگەوە تایبەتن. بۆدریار کە باسەکانی خۆی سێ و چوار سالێ لەمەو بەر نووسیوە و بەگشتیش بە هەرەسهێنانی دوو تاوەرەکەوە تایبەتیکردووە و خودی ڕووداوەکەی مانهاتانیشی کردووە بەتەوەرەی لێکدانەوەکانی و بۆیە ئێمە هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاڕاستەی گفتووگۆکانمان چڕکردۆتەوە و بەرەو ئەو مۆلگە و حەشارگایانەمان نەبردوو کە زەبرووزەنگ ڕۆژانە بێچوویتیادادەنێ.

## پێکانی دلی سەرمایەداری گلوبال:

### ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە(2)

لەم بەشەدا ڕۆدەچینە ناو ئەو ڕێگڤیم(تەعزیە بەپێی کلیسەی کاتۆلیکی)ەی بیریاری پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی بۆدریار بۆ دووتاوەرەکەی گەڕەکی مانهاتانی دەگێڕێ. بەلام ڕێگڤیمەکەی بۆدریار بۆ ئەو دوو تاوەرە لەو ڕێگڤیمانە جودایە کە سیاسیەکان و خەلکانی ئاسایی لە ئەمەریکا و ئەوروپا و دواتر جیهانا بۆ ئەو دوو تاوەرە گێڕایان. ئەم ڕێگڤیمە کە فۆڕمێ فەلسەفی وەرگرتووە ئەندازیاریی مۆدێرنەش ئەلاوێنێتەوە. بۆدریاریش کە یەکێکە لەو بیریارە پۆست مۆدێرنانەی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئارکێتکتووری مۆدێرن هەیە بەوەدەچێ زۆر بەلایەوە گرینگ بێ ئەو ئەندازیاریە لەڕۆژێ ئاوادا بیرخاتەوە . ئەم لایەنەش کارێوادەکا, کاتێ ئەم بیریارە قسە لەسەر کارەساتی لەبەریەکهەلوەشانەوەی دوو تاوەرەکە دەکا ئەوە نیشاندا لەلاێ لە مەغزای دروستبوونی ئەم دوو تاوەرە دەگا و لەلاێ تریش لەوە بەئاگایە مۆدێرنە چیبەسەر جوانکاریەکانی شار دا هێناوە.
ئێمە وایبۆدەچین , ئاخافتن لەسەر نهێنیەکانی لێدانی دوو تاوەرەکە بێ ڕوونکردنەوەی مانای ئەو دوو تاوەرە لە ئاگایی  تیرۆریستەکان ئەستەمە. ئەوی تیرۆریستەکان لە مانهاتان وەسەرەتای هاتن هەر لێدانی زێدی جیهانگیری تیا مەبەستنەبوو بەلکو ئەو جوانکاریە ئارکتێکتووریەشی تیامەستەبوو کە مۆدێرنە بە دیاری بە جیهانگیری پێشکەشکردووە. بەواتاێتر, پەلامارەکەی 11 ی 9 ی 2001 بۆسەر دوو تاوەرەکە هەر تەنیا ئارکێتکتووری نەگرتەوە بەلکو ئەوەشی نیشاندا ئەوی بەهۆی ئەو هێرشە تیرۆریستیەوە لە مانهاتاندا وێرانکرا یەکێ بوو لە سەرنج ڕاکێشترین ساختمانی جیهان. واتە بووە هۆی کوشتنی جوانکاری. یان بەمانایێدی فەوتاندنی بەها ئیستاتیکیەکان کە شارستانی نوێی ڕۆژئاوا زۆر پێیدەنازێ. بەمشێوەیە ئەو پەلامارە بۆسەر ئەو دوو تاوەرە دەکرێ وەك هێرشێ بۆسەر سێستەمی بەهای ڕۆژئاواش تەماشاکرێ. بەلام ئایا جوانکاری بۆ ڕۆژئاوا بەها نییە؟ ئایا تیرۆریستەکان ئەنتی-جوانکارین؟ ئەوەی بەلائیێمەوە مەبەستە لێرەدا بیکەین بە وەلام ئەوەیە کە تیرۆریستیەکان دژی گشت شتێکن کە سەرچاوەکەی شارستانی ڕۆژئاوابێ. جوانکاریش لەو ئاستەی لە ڕۆژئاوا هەیە کە کەموێنە و دەگمەنە لە شوێنەکانی تری جیهانا ڕقی تیرۆریستەکانی دەمێکە هەلساندووە. چونکە ئەمان وایبۆدەچن ئەو جواتکاریە بێمانا و ناپێویستیشە.
ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشە لەم سەروتارەی بۆدریار کە بەخۆی لەشێوەی پرسیار ئەم بیرمەندە بەرباسیدەخا ئەوەیە کە بۆ دەبێ ئەو دوو تاوەرە لێبدرێ؟ هەروەها بۆ دەبێ دوو تاوەرەکەی مەلبەندی بازرگانی جیهانی لێبدرێ؟وەلامی ئەو دوو پرسیارەش تاڕادەێ تێکڕای سەروتاری" "ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە" "ی بۆ تەرخانکراوە کە ئەم سەروتارەش یەکێکە لە سێ سەروتارە سەرەکیەکانی کتێبی" "**پاوەر ئینفێرنۆ-هێزی دۆزەخ**" ".
بەباوەڕی بۆدریار گشت ساختمانە درێژەکانی مانهاتان لەناوەڕۆکدا لە بەراوردێ شاقوولیدا ڕووبەڕووی یەکدەبنەوە. بەرهەمی ئەمەش ڕەنگدانەوەێ پانۆڕامای ئارکێتکتووری سێستەمی سەرمایەدارییە. ئەم پۆلە ساختمانە کە وەك جەنگەلێ هەڕەم( پیرامید)ی خۆیان نیشاندەدا ئەوی بینیبێتی پێیوایە ئەمانە توانیویانە وێنەێ جوان بەسەر ئەو دەریایەوە پێکبهێنن کە بەتەنیشتیەوەیە. ئەو وێنەیە لەسالی 1973بە دروستکردنی ساختمانی مەلبەندی بازرگانی جیهانی گۆڕدرا. ئەو شێوە وێنەیەش کە ئەم سێستەمە پشتی پێدەبەستێ گرافیزمێ ئارکێتکتووریە. ئەمەش بەرجەستەی سێستەمێ دەکا کە ژمێرەی و دیگیتالە. ئەوەش لەسەر بناغەێ مۆنۆپۆلی و نێتهۆرك بوونیادنراوە (بۆدریار, لا 42). واتە نەخشی سێستەمەکە ئیدی هەڕەمی نیە بەلکو گراڤیێ ئامارییە. ڕەنگە ئەمەش بێ وای لە بۆدریار کردبێ بۆئەوەبچێ کە ئەو دوو تاوەرە لەڕووی پانیەوە لە ساختمانەکانی دەورووبەریان نەکەن. هەر واشە چونکە خودی دوو تاوەرەکەش جۆرە دیزانێکیان هەیە کە دەشێ بووترێ نە ڕوو و نەش سیمایان هەیە.
ئەمەش بەخۆی هەر وایە چونکە شاری نیویۆرك تاکە شارێکە لە جیهانا کە توانیویەتی بەدرێژای مێژووی خۆی جێپێی فۆڕمی هەنووکەی سێستەم و گشت پەرەسەندنەکانی ئەم سێستەمە لەخۆ بگرێ. ئەوەشی کە لە نیویۆرك و سەبارەت بەم دوو تاوەرە ڕوویدا , کە ڕووداوی لەم شێوەیە لە مێژووی شاری مۆدێرن دەگمەنە, وێنەکردنی جۆرێکە لە کۆتای دراماتیکێ کە فۆڕمی ئەو ئارکێتکتوور و سێستەمی جیهانەی لەناوبرد کە بەرجەستەیدەکرد (بۆدریار, لا 45- 44).
ئەم بۆچوونانەی بۆدریار بەرەو ئەو ئەندێشە فەلسەفیانەمان دەبەن کە بشێ بووترێ زەبرووزەنگی جیهانگیری ئارکێتکتووریشی گرتەوە و ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی مۆلگەێ تری جواتکاریەکانی شارستانی ڕۆژئاوان. هەر لەم ڕوەوەشەوە ئەوەش دەلێین کە زەبری یاخی دژ بە جیهانگیری پەلوپۆی تا ئەو شوێنە ڕۆشت کە وێرانکردنی ئەو ئارکێتکتوورەش بگرێتەوە کە ببوو بە پایەی فکری جوانکاریەکانی شار. بەلام کامە شار؟ ئەلبەتە شاری مۆدێرن. ئەو شارەی تەنیا دەکرێ لە ڕۆژئاوا هەبێ. ئەمەریکاش, هەرهەمووی بەسەریەکەوە, کە پایتەختێ تازەی ڕۆژئاوایە دەشێ ئەو شارەش هەر لەوێڕا بوونی هەبێ. بەبێگومایشەوە ئەوەباسدەکەین کە ئەو ئارکێتکتوورە نموونەییەی بەناوی دوو تاوەرەکە ناسراوە هەمیشە گومڕاێکی سەرنجڕاکێشی هەبووە کە فۆڕمی خۆی بەگشتی لە تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە وەرگرتووە. ئەوەی کە سەیرە سەبارەت بە دوو تاوەرەکە بەجیاواز لەگەل هەندێ ساختمانی تر ئەوەیە

کە هاوشێوەی و دووانەین. بەلام لەپال ئەوەوە جوانکاریێ جۆری(نەوعی) یشی تیابەدیدەکرێ , کە بەخۆی جۆرە تاوانێکە دژبە فۆڕم و یان تاوتۆلۆژیکردنێکی(دووبارەکردنەوەیەکی) فۆڕمە. کەچی ڕۆژی ڕووداوەکە یان پاش لێدانی دوو تاوەرەکە ئەو هاوشێوەیەی ئەو دوو تاوەرە پێناسرابوو لەماوەی چەند چرکەیەکدا هەلوەشایەوە. بەلام بابزانین ئەم هەلوەشانەوەیە لە تێگەیشتنی فەلسەفی ئەم بیریارە چی دەگەێنێ.
بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی بۆدریار داڕمانی دوو تاوەرەکە سەرەکیترین ڕووداوی هێماییین. لێدانی ئەودوو تاوەرە بەمانای لێدانی هێزی گلوبال بوو. بەلام ئەو لێدانە کە بەتێکشکانی ئەو هێزە کۆتای هات پێشتر تاقینەکرابوەوە. ئەو دوو تاوەرە ,کە ئاماژە(نیشانە) ێ بوو لەسەر ئەو هێزە, بەرجەستەی ئەو کۆتاییە دراماتیکیەی کرد کە بەسەر ئەو دوو تاوەرەهات کە لە ئینتحار (خۆکوژی) دەچێ(بۆدریار,لا 47-46).
وێرانبوونی یان داڕمانی دوو تاوەرەکە بۆ بۆدریار گرنگترین وێنەیە کە هەمیشە سەرنجیدەخاتەسەر. ئەم دوو تاوەرە لەڕوانگەی ئەم بیریارە ئوبژکتێ(بابەتێ) دەروونی و ئارکێتکتووری و دواتر هێمایی هەیە. لێرەدا مەبەستی بۆدریار لە هێمایی ئەو دوو تاوەرە ئەوەیە کە هێمابوون بۆ هێزێ نەختی(فینانسی) و لیبرالیزمی ئابووری گلوبال. بەلام هەرچی لایەنە ئوبژێکتیەکەی ئەم جووتە تاوەرەیە ئەوەیە کە ئوبژێکتە ئارکێتکتووریەکەی ئەم دوو تاوەرە وێرانکرا بەلام بەباوەڕی بۆدریار ئەو ئوبژێکتە کە هێمایی بوو دواتر بوو بە مەبەستی لێدانەکە. کەواتە دەکرێ بووترێ , لێدانی دوو تاوەرەکە بە داڕمانی یان هەلوەشانەوەی هێماکە کۆتای هات. سەیرەکەش لەوەدایە کە بۆدریار پێیوایە کەس تەنانەت تیرۆریستەکانیش حسێبی ئەوەیان نەکردبوو کە ئاوا بەوجۆرە دوو تاوەرەکە سەرلەبەر داڕمێ. بەلام لەم ڕوونکردنەوەیە گرینگتر ئەوەیە کە فەیلەسوفی ناوبراو بۆ ئەوەشدەچێ کە ئەوەی داڕمانە دەروونیەکەی بەدەستهێنا داڕمانە هێمایەکە بوو نەك شتێ تر(بۆدریار, لا 48).
ئەوەی لەو شیکردنەوەی بۆدریار سەبارەت بەو دوو تاوەرە پتر لەگەلێ شتێ تر شوێنی تێرامانە ئەوەیە ئەو دوو تاوەرە بەبۆچوونی بۆدریار ماندووبوون لە بەهێمابوون و دەیانویست لەوەشبکەون کە ئەو بارە قوورسە ئەوندە هەلگرن. خۆی لەڕاستیدا بۆدریار زۆر جوان بۆی چووە کاتێ دەگا بەو تێگەیشتنەی کە ئەم دوو تاوەرە لەوە کەوتن کە ببن بە حەمالی ئەو هەموو هێمایەی هەلیانگرتووە و پاشان هەلگری ئەو جوانکاریە پۆلاینەیەی کە سالەهایە بە سەرشانیانەوەیە. ئەمان کە کرابوون بە هەلگری ئەو هەموو بارە دەبایە خۆیانی لێقووتارکەن کە ئەوەش بە مەرگیان کۆتای هات.
بەپێی تێگەیشتنی بۆدریار داڕمانە هێماییەکە ڕوویدا بەهۆی ئەوەی ئەم دوو تاوەرە کەوتنە ناو یاری تیرۆریزمەوە. یاریەکەش بە بۆچوونی ئێمە ئەوەمان پێدەلێ کە ئەم دوو تاوەرە قووربانی ئەو ئەرکەشبوون کە هەلیانگرتبوو. ئەمانە (واتە دوو تاوەرەکە) بەهۆی بوونیان بە هێما بوون بە بەشێ لە یاریەکەش پاشان ئەم دووتاوەرە دەمێکە مەجبوور کراوون نوێنەرایەتی هێزێ بکەن. ئەم دووتاوەرە کە بەهایان ڕووخاندن بوو بەلام ئەمە بەهای گشت کارێ ئارکێتکتوری نییە(بۆدریار, لا 50). ئەم دوو تاوەرە بەهایان ڕووخاندن بوو چونکە هێمایێ بوون بۆ هێزێ. بۆ بۆدریار ئەرکی ئارکێتکتوور- ئارکێتکتووری باش- ئەوەیە خۆی پاککاتەوە. بەلام ئایا دوو تاوەرەکە ئەمەیانکرد؟ واتە خۆیان پاککردەوە. بەلام با بپرسین مەبەست لە خۆ پاکردنەوە چییە و بۆچی بۆدریار لێرەوە دەستپێدەکا؟ بەلێ بۆ بۆدریار گرینگە لەوە بگا ئەو دوو تاوەرە بە مەرگیان لەو گوناهە پاکدەبنەوە کە کرابوون بە هێما بۆ هێزێ ئابووری و سیاسی سەردەم. مەبەست لە خۆپاککردنەوە ئەوەیە کە کاتێ کەسێ تاوانێ دەکا لەبڕی ئەوە کارێ دی ئەنجامدەدا کە ڕێك دژی ئەو کارەی پێشوویەتی کە بەمەش دەیەوێ خۆی لەو کارەی یەکەمی کە ئەوەش تاوانەکەیەتی خۆی خاوێنکاتەوە. بەلام کێشەکە لەوەدایە کە نەکەس ئاوا بە ئاسانی لە تاوان پاکدەبێتەوە و نەش پاکبوونەوە بەسە بۆ سڕینەوەی تاوان. تاکە چارەسەرێ بۆ سڕینەوەی تاوان تەنیا ئەوەیە کە ناشێ تاوانکرێ. بەلام ئایا ئەو مەرگە ئیختیاری دوو تاوەرەکە بوو یان قەدەری میتافیزیکیان بەو دەردەی بردن؟ دوو تاوەرەکە بەبۆچوونی ئێمە هەر لەسەرەتاوە میتافیزیکیانە ڕەفتاریان لەتەکدا کراوە . ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی نەدروستبوون و داڕمانیان بەئارەزووی خۆیان بووە نەش ئەوەی کە کراون بە هێمای سێستەمێ ئابووری و سیاسی گلوبال. هەرچی بۆدریارە دەیەوێ شتێ ترمان بە نەمانی ئەو دوو تاوەرە پێبلێ کە نەمانەکەیان دەکا بەئاماژەێ لەسەر خۆپاککردنەوەیان ئەوەش بەوەی کە بەبۆچوونی ئەو ئەوەی ئەم دوو تاوەرە کردیان ئەوەبوو کە وونبوون. واتە لەبەرچاونەمان. بەلام بۆدریار مەسەلەی ئەم وونبوونە بەوە لێکدەداتەوە کە لەپاش وونبوونیان هێمایەکیان بەجێهێشت. ئەو هێمایەشیان هێمای وونبوونیان بوو. ئەم وونبوونەشیان بوو بە هێما(بۆدریار,لا 51).
ئەم دووتاوەرە کە خاوەن دەسەلاتێ بالابوون بوونیان ,کە کردووبوویانی بە هێمایێ بۆ ئەو دەسەلاتە بالایە, دواتر بوون بە هێمایێ بۆ وونبوونێ نەشیاو. ئەم لایەنەش(واتە مەسەلەی بە هێمابوونیان) مانای خۆی لە وونبوونیان یان وێرانبونیاندا دی.
ئەوەی ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەرکمان پێکردەوە ئەوەیە کە بۆدریار لە هەردووکتێبەکەیدا (ڕۆحی تیرۆریزم, پاوەر ئینفێرنۆ) و لەدرێژەی قسەکانیشیدا پاش ئەم دوو کارە نێودەولەتیەی(3) دەیەوێ هێپۆتێزێ(گریمانێ) لەبارەی ئەم وونبوونەوە بهێنێتەپێشەوە. هێپۆتێزەکەش ئەوەیە کە بەباوەڕی بۆدریار ئەم دوو تاوەرە وونبوون و وێرانەکران.

ئەمەش بەرەو ئەوەی دەبا سووربێ لەسەر ئەوەی ئەم دوو تاوەرە پاش ونبوونیان ئاکامێ چڕیان لەبارەی ئامادەبونیانەوە بەجێهێشت(بۆدریار, لا 51). هەموو ئەمانەش باس لەوەدەکەن کە لێدانی ئەم دوو تاوەرە کارێ هێمایی بوو. ئەلبەتە هێمایی پرۆسەی لێدانەکە یان پەلامارە تیرۆریستیەکە بۆ ئەو هێمایە دەگەڕێتەوە کە ئەو دوو تاوەرە لە ناخی خۆیاندا حەشاریاندابوو.

ئەوەی کە زۆر سەیرە لەم سەروتارە سەبارەت بەم دوو تاوەرە ئەوەیە کە بۆدریار لەمیانەی تێڕامانەکانیدا بەوەگەیشتووە کە بەفەزلی تیرۆریزم مەلبەندی بازرگانی جیهانی بوو بە جوانترین ساختمانی جیهان و هەروەها بووش بە هەشتەم موعجیزەی جیهان (بۆدریار, لا 52). لێرەدا بۆدریار دەیەوێ جواتکاری ئەو جووتە تاوەرە لە پرۆسەی داڕمانەکەدا ببینێتەوە. بۆدریار نایەوێ هیچ جوانکاریێ پەنهان لەو جووتە تاوەرەدا ببینێتەوە بەلکو پێیوایە ئەوە کارە تیرۆریستیەکەیە ئەو جوانکاریەی بەو دوو تاوەرە بەخشیووە. بەدلنیایشەوە ئەو جوانکاریەی لەو دوو تاوەرەدا پەنهانبوو پێوەندیێ زۆری بەو مانا هێمایەوە هەبوو کە دوو تاوەرەکە سالەهایە نوێنەرایەتیدەکەن. ئەو دوو تاوەرە کە مۆلگەی ئەندێشەێ ئابووری بالابوون مانایان بەو جوانکاریە دابوو کە دواتر بوو بە ئامانج بۆ ئەو کارە تیرۆریستیە. کارە تیرۆریستیەکەش ئەو دوو تاوەرەی کرد بە موعجیزەێ لە دونیای ئارکێتکتوور کە بۆ هەمیشە دەشێ باسکرێ.

بەپێی تێگەیشتنی ئێمە , ئەستەمە مرۆڤ لە بۆچوونەکانی بۆدریار بگا بێئەوەی پێشوەخت تێگەیشتنێ قوولی لەسەر ئەندێشەی فەلسەفی ئەم بیریارە نەبێ و هەروەها لە دووریی و ئاڕاستەی سێرکردنەکانی زۆر وورد نەبووبێتەوە. چونکە سەفەری فەلسەفی بۆدریار هەمان سەفەری هاوتەمەن و تەنانەت هاوبیرەکانیشی نییە. ئەوەی کە زۆر شایانی تێڕامانە لێرەدا دوو خالە: یەکەمیان ئەوەیە کە بۆدریار هەر لەسەرەتای کارەکانیەوە بە لێکدانەوەی سێستەمی بەرهەمهێنانی شمەك لە شارستانی نوێ سەرقالبووە کە ئەوەش تەنیا ئەو شمەکە ئابووریە ڕووتە ناگرێتەوە کە بازاڕی جیهانی سەرقالە بە ساغکردنەوەی بەلکو ئەوەش دەگرێتەوە کە چۆن بازاڕ کار بۆ بەشمەککردنی گشت بەهاکان دەکا و پێش هەمووش جوانکاریەکان. هەلەناکەین گەر بلێین لەپاش ئەدرنۆ وە کەم کەسئاوا هێندەی بۆدریار لەم ڕوەوە فەلسەفەی بەسەر جوانکاریەکانی شارستانی نوێدا کردووە. ئەم جۆرە بیریاریکردنەی بۆدریار تاڕادەێ زۆر پێوەندی بە خودی ئاستی شارستانی تازەوە هەیە کە ئەم بیریارەی والێکردووە بەوشێوەیە تیۆریزە بەسەر جواکاریەکانی ناو ژیانی نوێ بکا. مەبەستم ئەوەیە بۆدریار پێشوەخت بڕیاری نەداوە بەو جۆرە بیریاری بکا بەلکو ئەوە ڕەوتی ژیانی نوێی ڕۆژئاوا و بەگشتیش مرۆڤایەتیە کە وایلە بۆدریار یان بیریارە هاوتەمەن و هاوشێوەکانیتری بۆدریار کردووە بەو شێوازە بیربکەنەوە. ئەم بیریارە کە لەسەرەتای کارەکانیەوە کاری بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە کردووە کە بەشداری لە سڕینەوەی بەهاکاندا دەکەن زوو زەمینەی بۆ ئەو جۆرە ئەندێشە فەلسەفیانەی خۆی دانا. ئەم کە بەرهەمی پێشتر خوێندنەوەکانی بۆ نیچە و دواتر باتای بووە هەر زوو بە قسەکردن لەسەر مێدیای کۆمەلگەی پۆست مۆدێرن و بابەتی ڕاستی سەرگەرمبووە. خالی دووەمیش ئەوەیە کە بۆدریار گەلێ زوو ڕێگای گرتەبەر ڕوەو ئەمەریکا. بەلام ئەم گەشتەی بۆدریار نە لە گەشتەکانی دێریدا دەچێ کە لە ناوەڕۆکدا بۆ وانەووتنەوە بوون لە زانکۆکانی ئەمەریکا و نەش لە گەشتەکانی بنەمالەی قووتابخانەی فرانکفۆرتی ئەلمانی کە لەبەر زەبری جەنگ و هەڕەشەی نازیەکان خۆیان بە ئەمەریکادا کرد تەنانەت لەو سەفەرانەی هابرمازیش ناکا کە لەم دوایەدا دەستداوەتێ کە بەخۆی هەمان ناواخنی سەفەرەکانی دێریدایان هەیە(وانە وتنەوە و سمینارسازکردن و سەرپەرشتیکردنی وەرگێراوەکانیان). گەشتی بۆدریار ڕوەوەو ئەمەریکا زۆر لەگەشتەکەی بیری فەڕەنسی دۆتۆکفیل دەچێ بۆ ئەمەریکا. ئەم کە دەستبەرداری سەفەرەکانی بەرەو ئەمەریکا نابێ بەلام سەیرەکە لەوەدایە ڕەخنەکانیشی لە مێدیای کۆمەلگەی پۆست مۆدێرن بێ ئەمەریکا هەلناکا و بێ ئەمەریکای تازە ناژی. ئالێرەدا دەکرێ کتێبی ئەمەریکاکەی بەنموونە بهێنینەوە کە بەهۆی ئەم کتێبەوە چەندین ڕەخنەی توند ئاڕاستەی قەڕالستانی سیاسی و کولتووری و ئابوری ولاتە یەکگرتوەکان دەکا(4).